# گۆڕینی سەرای سلێمانی بۆ مۆزەخانە
# هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە

م.ی: عثمان توفیق فتاح
بەشی شوێنەوار- زانکۆی سلێمانی

م.ی:علی هجران محمد
بەشی شوێنەوار- زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی زانستی کارئەکات بۆ ڕاڤەکردنی گرنگیی بینای سەرای سلێمانی لە ڕوە مێژوویی و تەلارسازیەکەیەوە. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە چڕکراوەتەوە لەسەر گفتوگۆکردنی زانستیانە دەربارەی چۆنیەتی گۆڕینی ئەم بینا مێژووییە بۆ مۆزەخانە، توێژینەوەکە گفتوگۆیەکی زانستیە لە سەر دەست نیشانی لایەنە بەهێزو لاوازەکان و مەترسیەکانی سەر بینای سەرای سلێمانی و گۆڕینی بە مۆزەخانە، لە هەمانکاتیشدا هەوڵ ئەدا پێشنیار و ڕێنمایی زانستی پێشکەش بکات بۆ چارەسەرکردنی گرفت وکەم و کوڕییەکان.

ناونیشانی پەیوەندیدار: سەرای سلێمانی، مۆزەخانەی کەلەپوری، بینایی کەلەپوری

**Abstract**

This article tries to discuss the importance of Slemani Saray Building, history and its architecture. The article's main focus is about converting historic houses into a museum, it's also discusses the strengths and weakness of the Saray building, furthermore, it goes to highlight the main challenges that the museum will may face and suggest how it can tackle them.

Other titles: Slemani Saray, Heritage Museums, Historic Buildings

## پێشەکی

لەکاتی بنیاتنانی مۆزەخانەیەکی نوێدا بێگومان پێویستە بینایەك هەبێت بۆ لەخۆگرتنی مۆزەخانەکە. دوو ڕێگاهەن بۆ دەست خستنی بینا بۆ مۆزەخانەکان. یەکەم: دروستکردنی بینایەکی نوێ بەدیزاین و داواکاری جۆری مۆزەخانەکە. دووەم: ئەکرێت ئەرکی بینایەکی تر بگۆڕرێت بۆ مۆزەخانە بەدوو شێوە.

أ-گۆڕینی ئەرکی بیانیەکی شوێنەواری/ کەلەپوری بۆ مۆزەخانە، ئەکرێت بیناکە گشتی یان تایبەت بێت.

ب- گوڕینی ئەرکی بینایەکی هاوچەرچ بۆ مۆزەخانە (Ambrose and Crispin, 2013:291). وەك گۆڕینی بینای ئەمنە سورەکە بە مۆزەخانە.

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست گۆڕینی بینایەکی کەلەپوریە بۆ مۆزەخانە. نمونە زۆرن کە بینای گشتی یان خانوی کەسایەتیەکی ناسراو کراوە بە مۆزەخانە/ گەلەری لە جیهاندا. بۆنمونە، تەنها لە وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا (١٥٠٠٠) خانوی کەلەپوری ئەرکیان گۆڕاوەو کراون بە مۆزەخانە (Orr,2011:65). لەبەر زۆری ژمارەی مۆزەخانەی بینا کەلەپوریەکان لەساڵی ١٩٩٨ کۆمیتەی نێودەوڵەتی مۆزەخانەی خانوە کەلەپوریەکان.

(International Committee for Historic House museums) دامەزراوە کەسەر بە ڕێکخراوی (ICOM) واتە ئەنجومەنی نێودەوڵەتی مۆزەخانەکان (International Council of Museums). ئەم ڕێکخراوەیە تایبەتە بەدەرکردنی پێشنیارو ڕاسپاردە لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە مۆزەخانانەدا کە ئەکەونە چوارچێوەی مۆزەخانەی خانوە کەلەپوریەکانەوە(UNESCO, 2001: 15). چەند هۆکارێك هەن ئەبنە پاڵپشت بۆ گۆڕینی بینایەکی کەلەپوری بۆ مۆزەخانە، لەوانە: (لایەنە مێژووی، ئەندازیاری، نەخش و نیگاری ناوازە، پەیوەستی بیناکە بە کەسایەتیەکی ناودارەوە و هتر). بەو واتایەی کە بینایەکە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ کۆمەڵگەیەك بۆنمونە تاج محەل لە هندستان، و دەیان نمونەی تر. ئەشکرێت بینایەکی کەلەپوری گرنگیەك و وابەستەیەکی مێژووی هەبێت بە دانیشتوانی شارێك یا کۆمەلێکی تایبەتی ناو کۆمەڵگە یا ماڵی کەسایەتیەکی ناسراو لەبەر گرنگی پلەو پایەی لەناو کۆمەڵگەدا پێویست بێت بینایەکە بهێڵرێتەوە و بکرێت بە مۆزەخانە، هەرچەندە ئەگەر بینایەکە ئەو تایبەت مەندیانەی سەرەوەی تێدا نەبێت. بۆ نمونە ماڵی ویلیام شەکسپیر شانۆنوسی ناسراوی بریتانی لە شاری ستاتفۆرد لە بریتانیا، پارێزراوە کراوە بە مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کەسایەتی شکسپیر، ڕۆژانە گەشتیار بڕێك پارە ئەدەن بۆسەردانکردنی ئەم مۆزەخانەیە نەك لەبەر جوانی و گرنگی خانوەکە، بەڵکو لەبەر گرنگی ئەو کەسەیە کە پێشتر لە خانوەکەداژیاوە .

لەشاری سلێمانی نمونەیەکی زیندوو بەردەستە ئەویش هێشتنەوەی ماڵی کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی شاری سلێمانی مامۆستا برایم ئەحمەد، کراوە بەگەلەری بەناوی گەلەری زاموا، ڕۆژانە کراوەیە بەڕووی هاوڵاتیاندا.

**بەشی یەکەم:**

١- مێژووی سەرا

مێژووی سەرای سلێمانی دەست پێئەکات پاش دروست کردنی شاری سلێمانی (١٧٨٤) لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە(ئەمین،٢٠١٤: ١٠٢)، مامۆستا جەمال بابان پێی وایە سەرای سلێمانی لەسەردەمی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پاشای میری بابانەوە بنیات نراوە. بەڵگەی مامۆستا جەمال ئەوەیە کەکلۆدیۆس جەمس ڕیچ هاوینی ١٨٢٠ لەسلێمانی بردوەتە سەر زۆربەی کوچەو کۆڵانەکانی سلێمانی بینیوە و باسی بینای سەرای نەکردوە (بابان،١٩٩٢: ٦٠-٦١) ، ڕیچ ئاماژە بە ٥ کاروانسەراو ٥ حەمام کردوە، یەکێك لەحەمامەکانی بەباشتر زانیوە لەوانەی ناوچەکانی دەوروبەر(ڕیچ، ٢٠٠٢: ١٢). بەڵام وەك مامۆستا جەمال ئاماژەی پێداوە بەهیچ جۆرێك باسی بینای سەرای نەکردوە، ئەمەش ئەگەرێکی بەهێزە ئەودەمە بینای سەرا نەبوبێت (بابان،١٩٩٢: ٦٠-٦١). لەکاتی سەردانی ڕیچ بۆ سلێمانی ١٨٢٠ مەحمود پادشا فەرمانڕەوای بابانەکان بوە(قەفتان،١٩٨٥: ١٩)، هەرچەندە ئەم پادشایەی بابان پاش گەشتەکەی ڕیچ بەپچرپچری چەند ساڵێکی تر پادشای بابانیەکان بوە ئەکرێت لەو ماوەیەی دوای گەشتەکەی ڕیچ بینای سەرای دروستکردبێت، بەڵام ئەم ئەگەرەش لاوازە بەهۆی ئەوەی کە ئەم پادشایە لە١٨١٣- ١٨٤١ دەجار لە فەرمانڕەوایەتی دوورخراوەتەوە لەلایەن دەستەڵاتدارانی عوسمانیەوە(مارف، ٢٠١٥: ٣-٤ ) ، پێناچێ پەرژابێتیە سەر دروستکردنی بینایەکی وەك سەرای کۆن. سلێمان پادشا چەند جارێك مەحمودی برای لەسەر کارلاداوە خۆی چوەتە شوێنەکەی. پاش سلێمان پادشا ئەحمەد پاشای کوڕی ئەبێ بەپادشای بابانەکان لەسلێمانی و پاش ئەویش عەبوڵا پاشا تا ساڵی ١٨٥١ حوکمی بابانەکان ئەکات و لەم ساڵە بەدواوە دەستەڵاتی بابانەکان کۆتایی دێت (ساڵح، ٢٠٠٦: ٢٨٥ - ٢٨٩).

مێژووی دروستکردنی بینای سەرا بە دوو قۆناغدا تێئەپەڕێت، کە بریتین لەیەکەم بینای سەرا وەك لەوێنەی ژمارە (١) دیارە. ئەو بینایەی لەم وێنەیەدا دەرئەکەوێت یەك نهۆمەو لە بنیاتنانیدا هونەری بیناسازیەکی ئەوتۆی تێدا بەدی

ناکرێت و بەدارەڕا داپۆشراوە. لە وێنەکەدا چەندین ئۆتۆمبیلی سەربازی و چەند سەربازێکی ئینگلیزەکان کەلەبەردەم بینای سەرادا وەستاون. مێژووی دروستکردنی ئەم سەرا یەك نهۆمیە بەپێی لێکدانەوەی جمال بابان بۆ نێوان ساڵانی ١٨٣٨- ١٨٤٢ لەلایەن ئەحمەد پاشاوە بنیاتنرابێت (بابان،١٩٩٢: ٦٠-٦١). هەرچەندە بەڵگەیەکی ئەوتۆی پێشکەش نەکردوە بۆ پاڵشتی ئەوەی کە سەرای سلێمانی لەسەردەمی ئەحمەد پاشای کوڕی سلێمان پادشادا دروستکرابێت. لەکاتێکدا ئەمین زەکی بەگ بەئەمیرێکی ئازاو شارەزای دادەنێ ئەڵێت هەوڵی بۆ بڵاوکردنەوەو بەهێزکردنی ئەمارەتەکەی داوە، بۆ ئەمەش یەکەم هەنگاوی بریتی بوە لە دامەزراندنی لەشکرێی ڕێك و پێك (ساڵح، ٢٠٠٦: ٢٨٩). بەڵام باس لەدروستکردنی بینایەکی لەشێوەی سەرا نەکردوە.


کۆتای حوکمی بابانەکان بۆ هاتنی ئینگلیزەکان ٦٨ ساڵە ئەم ماوەیە سلێمانی لەلایەن عوسمانیەکانەوە بەڕێوەبراوە، ئەگەرێکی زۆرە کە ئەوان ئەو بینا یەك نهۆمیەی سەرایان دروستکردبێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی عیزەت ئەفەندی کە باس لە مزگەوت و خان و گەرماو ژمارەی خانو بازاڕو دانیشتوانی سلێمانی لە ساڵی ١٩٠٥ ئەکات ناوی سەرای نەهێناوە، تەنها باس لە خانی دەوڵەت ئەکات و ئەڵی لە بەرامبەریدا بازاڕ هەن (ئەحمەد،٢٠١٤: ٢٣٠ - ٢٣٢)، ئایا ئەو خانی دەوڵەتە هەمان سەرای سلێمانیە یان نا؟ بەڵگەیەك بەدەستەوە نیە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بۆ چۆنە.

لە ١٩ی شەشی ١٩١٩ هێزەکانی ئینگلیز دێنە ناوشاری سلێمانی و لە چەند جێگایەگ بارەگا دائەمەزرێنن (ئیدمۆنز، ٢٠٠٨: ٧٩ - ٨٠). ئەمەش پاش تێکچوونی پەیوەندنی نێوان شێخ مەحمود و ئینگلیزەکان لەسەر چۆنیەتی حوکمی سلێمانی، شەڕ دەکەوێتە نێوانیان و لە دەربەندی بازیان شێخ دەستگیردەکرێت (محمود، ٢٠١١: ٣٦) ، و سلێمانی ئەکەوێتە بن دەستی ئینگلیزەوە، بینای سەرایان کرد بە شوێنی تاپۆ و پۆلیسخانەو بەندینخانە(شوانی، ٢٠٠٢: ١٢٤).



وێنەی ژ. (١) یەکەم بینای سەرای سلێمانی ساڵی ( ١٩١٩؟ )
لە ئەرشیفی سەرای سلێمانی وەرگیراوە


نوسەر ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە لە کتێبی شاری سلێمانی وێنەیەکی سەرای داناوە مێژووی وێنەکەی بۆ ساڵی ١٩٢٧ گێڕاوەتەوە(ساڵی ڕەشە، ؟: ٧١). جمال بابان پێیوایە ئەم بینایەی سەرا لە نێوان ساڵانی ١٩٢١- ١٩٢٤ دەستەڵاتی حکومەتی عێراق لەشوێنی سەرای پێشوو دروستیکردوە(بابان،١٩٩٢: ٦١). بەڕای توێژەران بینای نوێی سەرا لە نێوان ١٩٢١ بۆپێش ١٩٢٧ دروستکراوە.




وێنەی ژ. (٢) سەرای سلێمانی ساڵی ١٩٢٧
سەرچاوە ئەکرەمی مەحمودی ساڵحی ڕەشە. شاری سلێمانی

٢- پێکهاتەی بینای سەرای سلێمانی

لە دوو نهۆمی شێوە چوارگۆشەیدا دروستکراوە، نەخشەی نهۆمی یەکەم و دووەم تاڕادەیەکی زۆر لەیەك ئەچن. زۆربەی ژوورو هۆڵەکانی بەئەندازەیەك دروستکراوە کە سودی زۆر لەڕووناکی ڕۆژ وەرگرن. بەردی ناڕێك و قسڵ بەکارهاتوە بۆ نهۆمی زەمینی ئەمەش بۆ تۆکمەیی و توانای هەڵگرتنی نهۆمی سەرەوەیە. ژمارەی ژوورەکانی نهۆمی زەمینی ٢٣ ژوورن. نهۆمی سەرەوە بە خشتی سورکراوە دروستکراوە، بۆ کەمکردنەوەی قورسایی و پارێزگاری لەگەرمی و ساردی نهۆمی سەرەوە. تەنها یانزە لە ژوورەکانی ئاگردانی تێدایە. نهۆمی زەمینی بە دوو پلیکانە ئەچێتە سەر بۆ نهۆمی یەکەم. دوو پلیکانەی تر ئەچێتەوە سەر بانی بیناکە. هەرچوار گۆشەی بیناکە ژوورێکی گەورە لە خۆئەگرێت دیوارەکانی ئەم ژوورانە دەرچونەتە دەرەوە و شێوەی قوڵەی بەبیناکە بەخشیوە، بیناکەی شێوەی قەڵای وەرگرتەوە. دوو حەوشەی کراوە هەن لە ناوەڕاستی بیناکەدا بۆ ڕووناکردنەوەی ڕاڕەوەکان. بڕوانە نەخشەی ژمارە (١) وێنەکانی ژمارە ( ٣ بۆ ٧ ) بۆ تێگەیشتنی لایەنە ئەندازیاریەکانی بیناکە.




نەخشەی ژ (١) پێکهاتەو نەخشەی بینای سەرا،

لە ئەرشیفی سەرا وەرگیراوە.




وێنەی ژ. (٣)

پێکهاتەی دەرەوەی بینای سەرا نهۆمی خوارەوە بەردی نارێك و قسڵ و نهۆمی سەرەوە خشتی سورکراوە



وێنەی ژ (٤) یەکێك لەڕاڕوەکانی سەرا . توێژەر



وێنەی ژ (٥) قادرمە بۆ سەربانی بینامە. توێژەر



وێنەی ژ (٦) یەکێك لە حەوشەکانی سەرا.
توێژەر




وێنەی ژ(٧) یەکێك لە ژوورەکانی نهۆمی سەرەوە.
توێژەر

**بەشی دووەم: گۆڕینی سەرا بۆ مۆزەخانە**

بەر لە دەستکردن بە پاراستن و هێشتنەوە وگۆڕینی هەر بینایەکی شوێنەواری، مێژوویی یان کەلەپوری بۆ مۆزەخانە پێویستە چەند پرسیارێك بەر چاو بگیررێت وەك (١) بۆ ئەبێ ئەم بینا (گشتی / تایبەت) ە بپارێزرێت؟ (٢) ئامانج لە کردنەوەی مۆزەخانەکە چیە و بۆ کێ ئەکرێتەوە؟

١) بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم، بۆ گرنگە سەرا بکرێت بە مۆزەحانە؟ سوودی پاراستنی ئەم بینایە چیە؟ ئەم بینایە چی ئەگەیەنێ بۆ خەڵکی ناوچەکە؟ لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا بە کورتی ئەخەینە ڕوو.

ا. سەرای سلێمانی گرنگیەکی مێژووی هەیە بۆ خەڵکی سلێمانی، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا یەکێك لە هۆکارەکانی پاراستنی بینایەك لایەنە مێژووییەکەیەتی. سەرا بۆخەڵکی سلێمانی وەك سومبولێکی بەرخودان و هەمیش وەك شوێنێکی دیار (Landmark) مێژووی یارمەتی دەرە کە بکرێت بە شوێنێکی گشتی وەك مۆزەخانە. لایەنی مێژووی و ئەو چیرۆکانەی لە پشت ئەم بینایەوەن وایانکردوە کە خۆی بسەلمێنێت کە پێویستە بپارێزرێت، چەندین چیرۆکی بەرخودانی ئەم شارە بەم بینایەوە بەستراوەتەوە وەك شەشی ئەیلولی بەرسەرا ١٩٣٠ کەرۆژێکی کارەسات بارە لە مێژووی نوێ شاری سلێمانی و مێژووی ڕووبەڕووبونەوەی داگیرکاری و دەنگ بەرزکردنەوە بەرووی داگیرکەردا لەلایەن دانیشتوانی شارەوە(نەقشەبەندی، ٢٠١٤: ٨)، بەیەکەم راپەرینی جەماوەری سلێمانی بگرە لەباشوری کوردستان ئەزانرێت دژ بە رژێمی ئەوکاتی عێراق. ڕووداوەکانی ئەم راپەرینە راستەوخۆ لەبەردەم سەرادا ڕویاندا کە ئەوکات زیندان و بنکەی پۆلیسی تێدا بوو(شوانی، ٢٠٠٢: ٢٣٩ - ٢٤١).

ب. بەپێی ڕێنمایەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ ئەو جێگایانەی کە ڕەهەندێکی مێژووی و مرۆڤایەتیان هەیە، یان پەیوەستن بەکەلتورو دابونەریتی کۆمەڵگەیەك یان بەشێك لەکۆمەڵگا پێویستە بپارێزن. هەروەها بەپێی مادەی ٤

برگەی ٨ لە یاسای شوێنەواری عێراقی ساڵی ٢٠٠٢، بڕیار دراوە بە پاراستنی ئەو شوێنانەی کە تەمەنیان لە ٢٠٠ ساڵ کەمترە و ڕەهەندێکی مێژوویی گرنگیان هەیە، پاراستنی بینای سەرای سلێمانی ئەچێتە ژێر ئەم ماددەیەوە لەیاسای شوێنەواری عێراقی(الوقائع العراقیە، ٢٠٠٢: ٥٦٦). یاسای پاراستنی بینا کەلەپوریەکان لەزۆربەی وولاتەکانی جیهان پەیڕەو ئەکرێت، بۆ نمونە ئەمەریکا لەنێوان ١٩٤٥-١٩٥٠ بەهۆی گەشەی شارەکانەوە لەترسی لەناوچونی خانووە مێژووییەکان حکومەتی ئەمەریکا یاسایی نوێ دەرکرد بۆ پاراستنی ئەو شوێنانە(Orr, 2011:7).

لەئێستادا زانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی و زانکۆی لێستەری بەریتانی لە هەوڵدان بۆ تۆمارکردنی بینای سەرا لە لیستی شوێنە کەلەپوریەکانی جیهانی سەر بە ڕێکخراوی یونسکۆ. ئەمەش وائەکات کە پاراستن و هێشتنەوەی لە ئەرکی ناوخۆیەوە بیێت بە ئەرکێکی جیهانی.

٢) پرسیاری دووەم: ئامانج لەکردنەوەی مۆزەخانەیەك بەناوی سەرای سلێمانی چیە و بۆ کێ ئەکرێتەوە؟

پێویستە بەرلە دەستکردن بەبنیاتی مۆزەخانەکە ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە ئایا پەیام لەم مۆزەخانەیە چیە؟ ئەمانەوێت چی نمایشت بکەین؟ چ شتێك بەردەستە بۆ نمایشتکردن؟ نمایشتەکە یان مۆزەخانەکە بۆکێ ئەکرێتەوە؟ واتە (Who is the museum target audience?). پێویستە ئەو لایەنەی ئەم ئەرکەی لەسەر شانە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لابێت کە ئایا مۆزەخانەی سەرای سلێمانی چی نمایشت ئەکا ؟ وەڵامی ئەم دوو پرسیارە ئەبن بە بەشێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە. ئەبێت لایەنی جێبەجێکار سێ خاڵی گرنگ بەرچاو بگرێ کە بریتین لە:

١. چ کەلوپەلێك بەردەستە بۆ نمایشت ؟
٢. خەڵك (سەردانکەران) چیان ئەوێت ببینن؟
٣. سودی کەلەپوری، کۆمەڵایەتی و ئابوری چیە لەم مۆزەخانەیەدا؟

بە باشی ئەزانین لە شێوەی پێشنیار هەریەك لەو خاڵانە ڕوونبکەینەوە، بە ئامانجی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە وەك سەرچاوەیەکی زانستی بەرچاو ڕوونیەك بێت بۆ ئەو لایەنەی هەڵئەستێت بە بنیاتنانی مۆزەخانەی سەرای سلێمانی و دەزگایەکی تری کوردستان لەکاتی کردنەوەی مۆزەخانەی نوێدا.

❖ پێشنیاری یەکەم: لەبەر ئەوەی سەرای سلێمانی پەیوەستە بە مێژووی نوێی شاری سلێمانیەوە، مۆزەخانەیەك هەڵئەگرێت کە پەیوەستبێت بەمێژوو و ڕووداوو یادگاریەکانی ئەم شارەوە. پێویستە هەوڵبدرێت کۆی گشتی ئەو کەلوپەل و وێنەو چیرۆك و بابەتانەی لەم مۆزەخانەیەدا نمایش ئەکرێت پەیوەستبن بەمێژووی پاش دروست بوونی شاری سلێمانی ئەو ڕووداوانەی کەلەم شارەدا ڕوویان داوەو بونەتە مێژووی ئەم شارە. پرۆفیسۆر ستیوارت گیسن ڕاوێژکاری ڕێکخراوی یونسکۆ لە بواری مۆزەخانە ساڵی ٢٠٠٩ سەردانی کوردستانی کردوە بۆ هەڵسەنگاندنی مۆزەخانەکانی کوردستان، لەڕاپۆرتەکەیدا سەبارەت بەسەرای سلێمانی پێشنیاری مۆزەخانەیەکی مێژوویی ئەکات لە پێشنیازەکەیدا پێ باشە مۆزەخانەکە تایبەت بێت بەو ڕووداوانەی کەلەکوردستان ڕویانداوە لەکاتی حوکمی ئینگلیزەکان (Gibson, 2009: 38 - 39). ئەمە بەرچاو ڕوونیە بۆ لایەنی سەرپەرشتیاری مۆزەخانەکە کە ئەیانەوێت چ چیرۆکێك یان چی بە سەردان کەرانیان بناسێنن. لە هەمان کاتدا ئەوەشیان لاڕوون ئەبێتەوە کە چ جۆرە کەلوپەلێك کۆبکەنەوە چۆن چیرۆك و سەرگوزەشتەی ڕووداوەکان دابڕێژن. بۆ گرنگە مۆزەخانەکان بزانن چ جۆرە کەلوپەلو بابەتێك لە خۆئەگرن؟ لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا شرۆڤە ئەکرێت.

• سودی یەکەم: بەرتەسك کردنەوەی ژمارە و جۆری ئەو کەلوپەلانەیە کەئەکرێت هەوڵی کۆکردنەوەی بدرێت بۆ ناومۆزەخانەکە، چونکە لەڕووی ماددیەوە ئاسانترو لەبارترە کەبزانرێت چ ئەکرێت و چ بەدەست بهێنرێت

گرفتی زۆرباو لەکاتی کردنەوەی مۆزەخانەکاندا لەزۆربەی وولاتانی دنیا (Targeting the museum collection)، کەمی بڕی پارەی پێویستە بۆ کۆکردنەوە و دەست خستنی کەلوپەلە بۆ مۆزەخانەکان. کڕین یەکێکە لە ڕێگەکانی بەدەست هێنانی کەلوپەل بۆ مۆزەخانەکان (Ambrose and Crispin, 2013: 182). مۆزەخانەکان لەسەرەتای کردنەوەیاندا گرفتی هەبونی ئەو کەلوپەلانەیان هەیە کە پێویستن بۆ نمایشکردن.

- سوودی دووەم: ئاسانی گەیاندنی پەیامی مۆزەخانەکەیە بە سەردانکەران. واتە کاتێك کەسێك سەردانی مۆزەخانەکە ئەکات ئەیەوێت تێبگات لە مێژووی ئەم شارە لەڕێگەی ئەو کەلوپەلانەی کە مۆزەخانەکە نمایشتی کردون. لێرەدا تا چیرۆك و ڕووداوەکان و ئەو پارچانەی نمایش کراون وابەستەبن بەیەکەوە گەیاندنی پەیامی مۆزەخانەکە ئاسانترە.

"The challenge which this special type of museum must meet is to make constant effort to draw near to the meaning of the objects which it displays by constructing discourses which should confuse education with didactism " (UNESCO, 2001:15).

یەکێك لە ئاڵینگاریەکان کە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە مۆزەخانانە ئەبێتەوە ئەبێت هەوڵی بەردەوام بدات وابکات کە ئەو کەلوپەلانەی کە نمایشی کردون یەکبگرێتەوە لەگەڵ پەیامەکانی مۆزەخانەکەدا ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نەبێتە هۆی ئاڵۆزی بۆ سەردانکەرانی.

" Museums are increasingly expected to be responsive to their audiences and to justify and actively develop the roles they play within society " (Watson, 2007: 27).

واتە بەشێوەیەکی بەربڵاو چاوەڕێی ئەوە لە مۆزەخانەکان ئەکرێت کاربکەن و تێبکۆشن بۆ وەڵام دانەوەی داخوازیەکانی ئەو کەسانەی سەردانیان ئەکەن. هەروەك وەڵامی داخوازی خەڵك بدەنەوە و ڕۆڵی خۆیان لەکۆمەڵگادا بگێڕن.

- سوودی سێیەم: بەتێپەڕبوونی کات کەلوپەلی ناومۆزەخانەکە ئەبێتە سەرچاوەیەکی ماددی بۆ توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیاوازەکاندا. یەکێك لەگرفتەکان لەکوردستان بەگشتی و لەشاری سلێمانی بەتایبەتی نەبونی کەلوپەلی ماددیە بۆلێکۆڵینەوە و تێگەیشتن و زانینی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی سەدەکانی ڕابردوو. ئەم مۆزەخانەیە و کەلوپەلەکانی ئەتوانێت لەداهاتودا ببێتە فەرهەنگی مادی شاری سلێمانی (Treasure House). لەهەمان کاتدا ئەم مۆزەخانەیە هاوکاری باش ئەبێت لە بواری پەروەردەو فێرکردن. لە ئێستادا مۆزەخانەکان لە هەندێ وولاتی پێشکەوتوو وەك ناوەندێکی فێرکاری نافەرمی پێناسە ئەکرێن(غنیمە، ١٩٩٠: ٢٠) .

❖ پێشنیاری دووەم: گرنگە بۆ مۆزەخانەی سەرای سلێمانی سەر بەئیدارەی شاری سلێمانی بێت و نەبەسترێتەوە بە هیچ کام لە وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. هەرچەندە ئێستا سەربە بەڕێوەبەرێتی کەلەپوری شاری سلێمانیە واتە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کاتێکدا پێش چەند مانگێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان بوو، ئەم ئاڵو گۆڕی ئیداریە هۆکارێکە بۆ سەرنەکەوتنی ئەو جۆرە مۆزەخانانە. لەزۆرێك لە وولاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا مۆزەخانەکان لەلایەن ئیدارەی شارەکان یان کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە ئەبرێن (Ambrose and Crispon, 2013: 10). لە ٥٩% مۆزەخانەکانی ئەمەریکا کەرتی تایبەت بەڕێوەی ئەبات و ٤١% کەرتی حکومی، لەفەرەنسا لە٨٠% ی مۆزەخانەکان سەربە حکومەتن (Kotler et al, 2006: 7-8). هەرچەندە سیستەمی ئیداری لە بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکان لەهەرێمی کوردستان بەپێی یاسایەك ڕێك نەخراون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی مۆزەخانە شوێنەواریەکان لەلایەن بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری شارەکانەوە بەڕێوەئەبرێن. سەرەڕای ئەوەش هەندێك مۆزەخانەی تر هەن کەلوپەلی شوێنەواریان لەخۆ گرتوە لایەنی تر بەڕێوەیان ئەبات. وەك مۆزەخانەی کریستیانەکان لەعەینکاوە

لەشاری هەولێر کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کریستیانەکانەوە بەڕێوەئەبرێت. مۆزەخانەیەکی تر لە شاری ئاکرێ لەلایەن بەرپرسێکی حیزبیەوە بنیات نراوە و بەڕێوەئەبرێت وەك کەرتی تایبەت. هەروەها مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی سلێمانی لەلایەن زانکۆی سلێمانیەوە بەڕێوەئەبرێت.هەروەها مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی سلێمانی لەلایەن زانکۆی سلێمانیەوە بەڕێوەئەبرێت. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەکرێت ئەم مۆزەخانەیە لەلایەن شارەوانی یان پارێزگای سلێمانیەوە بەڕێوەببرێت.

**بەشی سێیەم: گۆڕینی سەرا بۆ مۆزەخانە لایەنە بەهێز، لاوازەکانی و مەترسیەکانی**

سەرا یەکەم مۆزەخانەی سلێمانی نابێت، یەکەم بینای کەلەپوریش نیە کە بکرێت بە مۆزەخانە، یەکەم مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی لە باشووری کوردستان لە شاری لەسلێمانی ساڵی ١٩٧٣ لە گەڕەکی ئەسحابە سپی کرایەوە، کە ماڵی (حاجی فەقێ شاڵی)ە سەربە زانکۆی سلێمانی بوە (حەفید، ٢٠٠٩: ١٣). سلێمانی چەند مۆزەخانەی تر لە خۆ ئەگرێت لەوانە مۆزەخانەی شوێنەواری سلێمانی کە بە گەورەترین مۆزەخانەی شوێنەواری کوردستان هەژمار ئەکرێت و لە ساڵی ١٩٦١ کراوەتەوە، دووەم مۆزەخانەی شوێنەواریە لە عێراقدا، بەپێی هەڵسەنگاندنی یونسکۆ( Gibson, 2009: 31). هەروەها مۆزەخانەی ئەمنەسورەکە لە ساڵی (٢٠٠٣) کراوەتەوە، لە جۆری مۆزەخانەی جینۆسایدە. ئەتوانین بڵێن باشترین ئەرکی مۆزەخانەی سەرا بریتی ئەبێت لە ناساندن و پاراستنی کەلەپوری بەردەست و سەرزارەکی (Oral history) شاری سلێمانی، گرنگی بەلایەنی ژیاری، کۆمەڵایەتی، هونەری و پیشەی ناوچەکە بدات (Gibson, 2009: 40). ئەمەش وائەکات کە بە مۆزەخانەکردنی سەرا لایەنی بەهێز و لاوازی هەبێت.

گۆڕینی هەر بینایەکی شوێنەواری یان کەلەپووری بۆ مۆزەخانە چەند لایەنێکی بەهێز(strengths) و لایەنی لاوازی (weaknesses) هەیە. ئەم خاڵانەش ئەکرێت لە مۆزەخانەیەك بۆ یەکێکی تر جیاوازبن. بینای سەرای سلێمانیش چەند لایەنێکی بەهێز و لاواز و مەترسی سەرنەکەوتنی لەسەرە، لەم بەشەدا هەوڵ ئەدرێت بەووردی خاڵە بەهێزو لاوازەکان باسیان لێوە بکرێت، وەك ئەرکێکی توێژینەوەکەیە کە بەرچاو ڕوونی بدات بەلایەنی پەیوەندیدار بۆ ئاگادار بوون لێیان.

باسی یەکەم: خاڵە بەهێزەکان

یەکەم: هەڵکەوتەی شوێنی سەرای سلێمانی لەسەنتەری شارو لە یەکێك لە قەرەباڵغترین شوێن و بازاڕەکانی شاری سلێمانی ڕێڕەوی هەموو چین و توێژەکانی خەڵکە. هاوڵاتیان لەهەر ناوچەیەك سەردانی سلێمانی بکەن ئەگەری ئەوەی هەیە بەم گوزەرە دا تێپەڕێن. ئەتوانرێت بوترێت بینای سەرا بەهۆی شوێنە جوگرافیەکەیەوە بۆتە شوێنێکی گشتی. ئەمەش لایەنێکی بەهێزە بۆ بەمۆزەخانەکردنی، چاوەڕێی ئەوە ئەکرێت کە سەردانکەرێکی زۆرو هەمەجۆری هەبێت، گرنگە بۆ هەر مۆزەخانەیەك سەردانکەرانی بەئاسانی پێ بگەن یان لەسەر ڕێگای گواستنەوەی گشتی بێت (ادامز، ١٩٩٣: ٢٣٩ ).

دووەم: سەرای سلێمانی لەبەشی پێشەوەی باخچەیەکی گەورەوفراوانی هەیە و کەوتوەتە سەر ڕێگا گشتیەکەوە، هەبونی ئەم باخچە گەورەو فراوانە سودێکی گەورە بە مۆزەخانەکە ئەبەخشێت، کە ئەکرێت وەك سەرچاوەیەکی دارایی بەهێزدابنرێت بۆ مۆزەخانەکە. لەڕێگەی بەکرێ دانی ئەو باخچەیە بۆ کردنەوەی چایخانەو خواردنگە. لەکۆندا لەهەمان شوێن چایخانە هەبوە، ئەمەش هەم وەك زیندو کردنەوەی چاخانەکە کۆنەکە و هەمیش سود وەرگرتن لەلایەنە ماددیەکەی بۆ بەڕێوەبردنی مۆزەخانەکە. هەرچەندە بەپێی سیستمی دارایی ئێستا لەکوردستان داهاتی

دەزگا حکومییەکان ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی. لێرەدا مۆزەخانەی سەرای سلێمانی پێویستە سوود لە ئەزمونی بەکرێدانی خواردنگەی قوتابخانەکان وەرگرێت. چونکە بەشێك لە داهاتی خوێنگەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بۆ خودی قوتابخانەکانە. ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدرێت جۆرو شێوازی ئەو کافتریایەکە کەلەم شوێنەدا ئەکرێتەوە پێویستە گرنگی بە شێوازی کەلەپوری بدرێت لە دیکۆر و جلوبەرگی کارمەندانی کافتریاکەدا بۆ ئەوەی سەرنجی زیاتری خەڵك ڕاکێشێت، هەمیش زیندوو کردنەوەی کەلەپوری ناوچەی سلێمانیە. سەرەڕای ئەوەش ئەتوانرێت خواردنگەیەکی خواردنە کوردیەکانیش بکرێتەوە لەسەر شێوازی ماڵێکی کەلەپوری کوردی و خواردنی کوردی پێشکەش بە میوانانی سلێمانی بکات و داهاتەکەشی بۆ خەزێنەی مۆزەخانە بگەڕێتەوە. یەکێك لەو ڕێگایانەی ئەبنە هۆی زیادکردنی سەردانکەری مۆزەخانەکان بریتیە لە هەبوونی شوێنی پشوودان و خواردنگەو کافتریا، ئەمەش یەکێك بوە لە ڕێنمایەکانی کۆنفرانسی یونسکۆ لەسالی ١٩٥٦ لە نیودەلهی سەبارەت بە چۆنیەتی زیادکردنی سەردانکەر بۆ مۆزەخانەکان(ادامز، ١٩٩٣: ١١٣- ١٢١ ).

سێیەم: لەبەشی پشتەوە گەراجێکی گەورە هەیە و ئەتوانرێت بۆ ڕاگرتنی پاس و ئۆتۆمبێلی سەردانکەرانی بەکار بهێنرێت، بەتایبەت بۆ ڕاگرتنی پاسی تیمە گەشتیارییەکان و گەشتی زانستی قوتابخانەکان کە زۆرجار بەگروپی زۆر سەردانی مۆزەخانەکان ئەکەن. لەڕووی گەشتیاری شوێنەگشتیەکان نەبونی شوێنی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لە نزیك مۆزەخانەکان بەلایەنێکی لاواز و کەموکوڕی دائەنرێت، ئەکرێت ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل لەم گەراجە بێبەرامبەر نەبێت و داهاتەکەی بۆ خەزێنەی مۆزەخانە بگەڕێتەوە. لەم بەشەدا ئەتوانرێت چەندین دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی دەستکردی کوردی و کەلەپوری بکرێتەوە، بەشێك لە داهاتەکەی بۆ مۆزەخانەکە بێت، هەمیش دروستکردنی بازاڕێکی گەشتیاری ئەبێت کە سلێمانی لەو جۆرە بازاڕەی نیە لە کاتی ئێستادا.

لەو چەند خاڵەی سەرەوە ئەوە دەرکەوت کە ئەتوانرێت داهاتێکی زۆر بەدەست بهێنرێت بۆ ئیدارەدان و برەودان بە مۆزەخانەکە. لەووڵاتانی وەك بەریتانیاو ئەمەریکا زۆرێك لەمۆزەخانەکان لەڕێگەی ڕێستۆرانت و فرۆشتنی دیاری و کۆپی ئەنتیکەکان ڕێژەی هەرەزۆری داهاتی مۆزەخانەکان بەدەست ئەهێنن. ئەوەش ڕوونە کە سەربەخۆیی داهات یارمەتی دەرە بۆ بەرەو پێش بردنی مۆزەخانەکە. بەو مەرجەی ئیدارەی مۆزەخانەکە بتوانێت هەموو ئەوداهاتانەی بەدەستی ئەهێنێت بۆ مۆزەخانە کە بێت نەك بگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی. بۆ تێگەیشتن لە نەحشەی بینای سەراو بە شەکانی سەیری نەخشەی ژ (٢).




نەخشەی ژ (٢) نەخشەی سەرای سلێمانی لەلایەن ئەندازیارانی سەراوە ئامادەکراوە.

ئەرشیفی سەرا

چوارەم: گەورەیی بیناکەو هەبونی ژووری زۆر یارمەتیدەرە بۆ کردنەوەی زۆرترین جۆری نمایش، واتە ئەتوانرێت زۆر لایەنی ژیاری، ئابوری، سیاسی، کەلتوری، ڕۆشنبیری، ئاینی و ئەدەبی شاری سلێمانی تێدا نمایش بکرێت. لەهەمان کاتیشدا هەبونی ئەم بۆشاییە ئەکرێت سودی لێوەرگیرێت بۆ کردنەوەی گەلەری و چالاکی هونەر و ڕۆشنبیری کاتی ماوە دیاری کراو.

پێنجەم: هەبونی ئەو بینایەی لەدەستە ڕاستی سەرا کە بینایەکی تازەیە نوێیە و سەر بە ئیدارەی سەرای سلێمانیە، ئەکرێت سودی لێوەربگیرێت بۆ بەشە ئیداری و هونەریەکانی سەرا. پێویست بەوە ناکات کە تێکەڵی هەبێت لە نێوان فەرمانبەرانی ئیدارەی مۆزەخانەو سەردانکەرانی دا. ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ کردنەوەی مۆزەخانە لە ڕۆژە پشوەکاندا و پێویستی بە تەنها ڕێبەر و چاودێرەکان بێت نەك کۆی فەرمانبەرانی ئیداری و تەکنیکی.

باسی دووەم: خاڵە لاوازەکان


یەکەم: لەبەر ئەوەی بینای سەرای سلێمانی بۆ ئەرکێکی تر دروست کراوە بەهۆی ڕێساکانی پاراستنی بینا مێژوویی و کەلەپوورییەکانەوە ناتوانرێت مۆزەخانەیەکی نمونەیی لێدروست بکرێت ئەگەر هەموو خزمەتگوزاریەکانی مۆزەخانەیەکی هاوچەرخ لەبەر چاوبگرێن. بۆیە لەم ڕووەوە ئەکرێت چەند گرفتێکی جۆراو جۆر بێتەرێی بەرێوەبەرانی مۆزەخانەکە. ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی هەربینایەکی مێژوویە لەکاتی گۆڕینی بۆ مۆزەخانە، ئەم گرفتە گرفتێك نیە کە تەنها لەسەرای سلێمانیدا هەبێت.

دووەم: سیستمی گەرمی و ساردی بۆ سەرای سلێمانی یەکێکی تر ئەبێت لە لایەنە لاوازەکان، هەرچەندە بیناکە بەکەرەستەی بەردو قسڵ و دیواری ئەستور دروستکراوە کە ڕێگرن لەگەرم بوون و سارد بونی زۆر لەچاو بینایەکی کۆنکرێتیدا. بەڵام هێشتا ئەمە ئەوەناگەیەنێت لە زستان و دابەزینی پلەکانی گەرما یان لەهاوین و بەرزبونەوەی پلەی گەرما بینایەکە بتوانێت لەپلەیەکی گەرمی هاوسەنگ بمێنێتەوە دانیشتوان و سەردانکەران و کەلوپەلە کەلەپوریەکانی ناوی پێویستیان بەگەرم کەرەوە سارد کەرەوە نەبێت. لەبەر ئەوەی بیناکە لە چەندین ژوورو هۆڵ پێك هاتوە بۆیە پێویستە لەهەریەك لەو هۆڵانەدا سەرچاوەی گەرمی و ساردی دابنرێت. ئەمەش ئەگەر بەسیستمی سپلیت بکرێت تێچووی زۆر و کارەبای زۆر و هەمیش لەگەڵ ستایلی بینایەکی کەلەپوری لەو شێوەدا ناگونجێت. بۆیە پێویستی بەرێگەو شێوازێك هەیە کە لە کوردستان باو نەبێت بەڵکو ئەبێت سود لە ئەزمونی ناوچەکانی تر وەرگیرێت لەم بوارەدا. ئەمەش ئەکرێت تێچوویەکی زۆری بوێت.

یەکێك لەو هۆکارانەی ئەبنە هۆی لەناوبردنی کەلوپەلی مۆزەخانەکان بریتیە لە پلەی گەرما و زۆری و کەمی ئاستی شێ. بەتایبەت بۆ ئەو پارچانەی کەلە مادە ئۆرگانیەکان پێکدێت. ئەم مۆزەخانەیە زۆربەی ئەو پارچانە لە خۆ ئەگرێت کە لەمادەی ئۆرگانی دروستکراون. بۆ نمونە کتێبێکی دەستنوس پێویستی بە برێکی دیاری کراو لەشێ هەیە واتە بەکەم بون و زیاد بونی شێ کتێبی لەکاغەز و چەرم دروستکراو زۆرترین زیانیان بەرئەکەوێت. بۆیە پێویستە ئەم خاڵەش لەبەر چاوبگیرێت.

بۆزانینی ڕێژەی پلەی گەرمی و گونجاویەتی بۆ پارچە ئۆرگانیەکان توێژەران هەستان بە وەرگرتنی ڕێژەی شێ و گەرمی لەیەکێك لە هۆڵکانی نهۆمی زەمینی بینایەکە، لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەت بە تۆمارکردنی (Data Logger) ڕادەی شێ و گەرمی لە مۆزەخانەو گەلەریەکاندا. بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە مانگی ٢٠١٦/٢ ڕادەی شێ و گەرمی ژوورەکە وەرگیرا، بڕی شێ لە نێوان (٥٢ – ٥٧%) ئەم بڕەی شێ لە هەوادا برێکی زۆرە بۆ مادە ئۆرگانیەکان، لەکاتێکدا پلەی گەرمی لەنێوان (١٠-١٢) پلەی سەدی ئەم پلەیەش لەو ئاستە کەمترە (سارد)ترە کە مرۆڤ بتوانێت بە ئاسودەی لەناو

مۆزەخانەیەکدا بمێنێتەوە بۆماوەیەکی دیاری کراو بێئەوەی هەست بەسەرما بکات. یەکێك لە خزمەتگوزاریەکانی هەر مۆزەخانەیەك هەبوونی فێنك کەرەوە وگەرم کەرەوەی گونجاوە بۆ ئاسودەیی سەردانکەرانی (Knell, 2005: 130-133). ئاشکرایە بڕی شێ لەمانگەکانی ساڵ گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە ئاستێکی زۆر جیاواز بەپێی داتایەك لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٣ لە سلێمانی لەمانگی یەك ئاستی شێ بۆ ٦٨%  بەرزئەبێتەوە کە هیچ پارچەیەکی کەلەپوری لەم بڕە شێ زۆرەدا نامێنێتەوە لە ناو ئەچێ لە کاتێکدا لەمانگی هەشت ئاستی شێ دائەبەزێت بۆ ٢٤% کەئەمەش ئەبێتە هۆی ووشك بونەوەو هەڵوەرینی پارچەی کەلەپوری لەمۆزەخانەکاندا(سعید، ٢٠١٥: ٥٩).  ئەو ئەنجامەی دەستمان کەوت ئەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستیەی بەبێ بەکار هێنانی کۆنترۆڵی شێ و گەرمی لەم مۆزەخانەیەدا، هیچ پارچەیەکی کەلەپوری لە جۆری (کاغەز، پێست، قوماش، تەختە و هیتر) توانای مانەوەیان  چەند ساڵێکی کەم تێپەڕ ناکات. بۆ بینی داتاکە سەیری هێڵکاری ژمارە (١) بکە.




هێڵکاری ژمارە (١) هێڵکاری ئاستی شێ و گەرمی ناو یەکێك لە ژوورەکانی سەرای سلێمانی، توێژەر

سێیەم: قەرەباڵغی و زۆری هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لە ناوچەی سەرا هۆکارێکی ترسناکە بۆ پیس بونی هەوای ناو هۆڵەکانی مۆزەخانەکە. چونکە مادەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکدانی ڕەنگی پارچە کەلەپوریەکان. هەروەها مەترسین بۆ مادە ئۆرگانیەکان. لەکاتی سەردان کردنی سەرای سلێمانی بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوە تێبینی ئەوەمان کرد کە دیواری دەرەوەی سەرا بەهۆی ترشە بارانەوە دیوارەکانی پیس بوون ئەمەش لە ئەنجامی ئەو گازە پیسانەوەیە کە لەڕێگەی کارگەکان و ئۆتۆمبیلەوە لەهەوادا بڵاو ئەبنەوە پاشان لەڕێگەی بارانەوە دێنەوە سەرزەوی ئەبنە هۆی لەناوبردی پارچە شوێنەواری و کەلەپوریەکان و بینا مێژوویەکان. وەك لە وێنەی ژ (٨) دیارە.



وێنەی ژمارە (٨) کاریگەریی پیس بوون لەسەر دیواری دەرەوەی سەرای سلێمانی.
وێنەی توێژەران

ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی تریش بەگرفتێك دائەنرێن بۆ لەناوبردنی پارچەی شوێنەواری و بینا شوێنەواریەکان. بۆ نمونە لە شاری ڕۆما لەوڵاتی ئیتالیا بینای شوێنەواری کۆلۆسیۆم، کەسەردەمی ڕۆمانەکان بۆ نمایشتی زۆرانبازی بنیاتنراوە. ئەم بینایە لەبەرد دروست کراوە ڕووی دەرەوەی توشی پیس بوون ئەبێت و ڕەنگی ڕەش ئەبێت بەهۆی ئەو دووهۆکارەی ئاماژەمان بۆکرد. هەربۆیە چەندساڵ جارێك ئەم دیوارانە لەلایەن چاکسازەکانەوە پاکئەکرێنەوە، و تێچویەکی زۆری ئەوێت. بۆ چارەسەر کردن و ڕێگری کردن لە پیس بوون پێویستە مۆزەخانە بەردەوام هەوای ناو مۆزەخانەکە بپاڵێوێت لەڕێگەی ئامێری پاك کەرەوەی هەوا Absolute filter (Thomson, 1986: 130 - 263). ئەم ئامێرە تا ئێستا لە کوردستان بەکارنەهاتوە. بۆ زانینی ڕێژەی پیس بوونی هەوا لە ناوگەنجینەی مۆزەخانەی سلێمانی ساڵی ٢٠١٣ سەردانی بەڕێوەبەرێتی ژینگەی سلێمانیمان کرد بۆ دەست خستنی ئامێرێك بۆ پێوانی بڕی گازی پیس لە هەوادا بەڵام بەداخەوە هێچ جۆرە ئامێرێکمان دەست نەکەوت. بۆیە بۆ زانینی ڕێژەی گاز لە هەوادا بۆ مۆزەخانەی سلێمانی نەتوانرا بڕی ئەو پیس بونە دیاری بکرێت. بەڵام هەبونی گازی پیس لەهەوادا شتێکی شاراوە نیە و زۆربەی ڕۆژەکانی هاوین بە ئاشکرا دیارە کە چۆن ئاسمانی شارەکانی کوردستان دا ئەپۆشێت. لە هەندێ لە ڕۆژەکان مرۆڤ بەئاسانی درك بە بونی تەپوتۆز و پیسی هەوا ئەکات، زۆری گاز لە هەوادا بوەتە هۆی کەم بونەوەی ئاستی بینین. بێگومان ئەو گەردیلە پیسانە بەهۆی قورسیيانەوە یان لەڕێگەی بارانەوە ئەکەونە سەر زەوی و پارچەی شوێنەواری وکەلەپوریەکان لەناو ئەبەن.

**بەشی چوارەم: مەترسیەکانی بەردەم مۆزەخانەی سەرای سلێمانی چین؟**

چەندین مەترسی (ئالینگاری)هەن ئەکرێ ڕووبەڕووی مۆزەخانەی خانوە کەلەپوریەکان ببنەوە، مۆزەخانەکانیش وەك هەر ناوەندێکی تری ڕۆشنبیری و ئیداری ئەکرێت سەرکەوتوو نەبن لە گەیاندنی ئەو پەیامەی کەلە پێناویدا دامەزراون، ئەگەر هاتوو سەرکەوتو نەبون لە هێشتنەوەو بەردەوام بونی ئامانجەکانیان. بۆنمونە یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی مۆزەخانەکان بریتە لە ڕاکێشانی سەردانکەران لەڕێگەی گەلەری و کەلوپەلە ناوازەکانیانەوە، ئەگەر مۆزەخانەکە لەو ئاستەدا نەبوو ئەوا سەردانکەرانی لەدەست ئەدات، ئەمەش مەترسیەکە و بۆتە هۆی داخستنی چەندین مۆزەخانە لە جیهاندا بۆنمونە لە ئەمەریکا (مۆزەخانەی کەلەپوری جیسی پیتەر) ساڵی ١٩٩٥ دامەزرا پاشان لەبەر کەمی سەردانکەران و نەبونی بودجە داخرا (Orr, 2011: 11). سوزان ئور لە ماستەرنامەکەی بەناونیشانی (بەردەوامیدان بە مۆزەخانەی خانوە کەلەپوریەکان لەسەدەی بیست ویەکەم) دا ئاماژە بەوە ئەدا کە چەندین تەحەدا ڕووبەڕووی ئەو مۆزەحانانە ئەبنەوە وەك ئەوەی لێرەدا تێکستە ئینگلیزیەکە وەك خۆی دانراوە

"The challenges facing historic house museums are; board dynamics, changing demographics, funding, technology, interpretation, and maintenance issues."

ئۆر ئەڵێت لایەنی بەڕێوەبردن، گۆڕینی دیمۆگرافی ئەوناوچەیەی مۆزەخانەکەی لێیە، پارەدارکردن، تەکنۆلۆجیا، شیکردنەوەی بابەتیانە،گرفتەکانی بەردەوامی دان ئەو تەحەدیانەن کە ڕووبەڕووی ئەو مۆزەحانانە ئەبنەوە. لەم بەشەی خوارەوە ئاماژە بە چۆنیەتی ئەو مەترسیانە ئەکرێت کەوەك ئەگەرێکی بەهێز ئەکرێت ببێتەهۆی داخستنی هەر مۆزەخانەیەکی کەلەپوری (Orr, 2011: 56).

١)گۆرانکاری سەرپەرشتیاران خاوەندارێتی، (Boarding Dynamic)

ئەوەی ئۆر مەبەستیەتی لەم خاڵەدا بریتیە لە گواستنەوەی موڵکیەتی بیناکەو، وەرگرتنی خاوەنداریەتیەکە لەلایەن کەسانی ترەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە کە نەتوانن ئەو پلان و نەخشەیە پەیڕەو بکەن کە لایەنی ئیداری پێشووتر لەسەری ڕۆشتون، وەیان ستافی نوێ بە کارو پلانەکانی ستافی پێشوو ڕازی نەبن ئەمەش هۆکارێکە بۆ دوور خستنەوەی ئامانجی مۆزەخانەکە. هەرچەندە ئەم خاڵە بۆ سەرای سلێمانی جیاوازیەکی هەیە کە بریتیە لەوەی سەرا موڵکی گشتیە نەك تاکەکەس، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە گۆڕانکاری ئەو لایەنەی ئیدارەی مۆزەخانەکەیان لەسەر شانە ئەکرێت توشی هەمان گرفتی گواستنەوەی خاوەندارێتی ببێت. بۆ نمونە ئیدارەی سەرا پێش چەند مانگێك سەربە دائیرەی شوێنەوار بوو بەڵام ئیستا سەر بەکەلەپورە واتە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریە، کەچی تا ئێستا ئیدارەی نوێ بڕیاری لەسەر جۆری مۆزەخانەکە نەداوە. ئەو کەسانەی ئیدارەی مۆزەخانەکە ئەکەن ئەگەر کەسانی شارەزاو لێبڕاو نەبن ئەوا ئەبنە هۆکاری لاوازبونی مۆزەخانەکە، لەوەدا کە نەتوانن پەیامی مۆزەخانەکە بگەیەنن بە سەردانکەرانی یان نەتوانن بزانن خەڵك چی ئەوێت. بۆیە ستافی بەڕێوەبردن کە ئەرکی داڕشتن و ئامانجی مۆزەخانەکەیان لەسەرە.پێویستە لە هەوڵی ئەوەدا بن کە لەگەڵ داواکاری هاوڵاتیاندا بن،ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە پێوسیتە پلان و ئامانج سیستەم بێت نەك بەسترا بێتەوە بە گۆڕین یان ڕۆشتنی کەسێکەوە.

٢) گۆڕانی دیمۆگرافی (Changing Demographic)

ئەگەرێکی زۆر لاوازە کە وەك مەترسی ڕوو بەڕووی مۆزەخانەی سەرای سلێمانی ببێتەوە، چونکە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی سەرای سلێمانی وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆکرا جیاوازە لەونمونەی ئەو مۆزەخانانەی کەلە ئەمریکا توشی ئەم گرفتە هاتوون کە ئۆر لە ماستەر نامەکەی دا ئاماژەی پێداوە. هەندێك مۆزەخانەی کەلەپوری لە ئەمەریکا کەوتونەتە هەندێك ناوچە کە ژمارەی دانیشتوانی کەمی کردوە یان بونەتە ناوچەی دورە دەست یان ناوچەکە لە

نیشتەجێ بونەوە بۆتە ناوچەی پیشەسازی. بۆیە مۆزەخانەی سەرای سلێمانی پێشبینی ئەم گرفتەی لێناکرێت.ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت لەسەر ئەم گرفتە کەڕویداوە لەشاری سلێمانی بوە هۆی داخستنی مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی لە گەڕەکی سابون کەران کەسەر بەزانکۆی سلێمانی بوو. ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی بوەتە ناوچەیەکی پیشەسازی چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل وایکرد کە ڕێژەیەکی کەم هاوڵاتیان چانسی سەردان کردنیان هەبێت بۆ ئەم مۆزەخانەیە.

٣) گرفتی دارایی (Funding)

ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئەکرێت بەمەترسیەکی گەورەبێت لە ڕێگری کردنی گەشە وبەردەوامی دانی ئەم مۆزەخانەیە. ئەگەر وەك مۆزەخانەکانی تری هەرێم و عێراق لەڕووی داراییەوە پشت بە مەرکەز و سیستەمی موچەو بڕی نەصریە ببەستێت بۆ گەشە پێیدانی مۆزەخانەکە، ئەوا ئەگەرێکی چاوەڕوان کراوە کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا مۆزەخانەکە توشی گرفتی دارای بێتەوە. بۆنمونە لەکاتی سەرهەڵدانی گرفتی دارایی لە ئەمریکا لەساڵانی ١٩٩٠ زۆرێك لە مۆزەخانەکان بەتایبەت مۆزەخانە مێژووی و هونەریەکان ڕووبەڕووی بڕانی بودجە بونەوە لەلایەن حکومەتە ناوخۆییەکانەوە، کۆمەڵێك مۆزەخانەی ناچار کران کاتی کردنەوەیان کەم کەنەوە، هەندێ لەستافەکەیان دەرکەن، یاخود بەشێك لە هۆڵەکانیان داخەن وە تەنانەت هەندێکیان ناچار کران بۆ ماوەیەك داخرێن ( Kotler at el,2006: 189). بۆیە بەڕێوەبەرانی مۆزەخانەی سەرای سلێمانی باشتر وایە بیر لەچەندین ڕێگای بەدەست هێنانی پارە بکەنەوە بۆئەوەی مۆزەخانەکە لە ئەگەری گرفتی دارای بەدوور بگرن، بەڕەچاوکردنی ئەو پێشنیازەی سەرەوە. لە ئێستادا بەهۆی گرفتی ئابوریەوە لە هەرێمی کوردستان زۆربەی دام و دەزگا کەلتوری و ڕۆشنبیریەکان توشی ڕاوەستان بون و ناتوانن برەو بەکارەکانیان بدەن. لەوانەش مۆزەخانەکانی کوردستان ئێستا چەند ڕۆژێك لە هەفتەیەکدا ئەکرێنەوە بۆ چەند کاتژمێرێکی دیاری کراو، ئەمەش وایکردوە مۆزەخانەکان لە ئیفلیج بوون نزیك بکاتەوە.

٤) تەکنۆلۆجیا (Technology)

لە لێکۆڵینەوەکەی سوزان ئور بە مەترسیەکی تر دائەنرێ لە ئەگەری سود لێوەر نەگرتنی ئەبێتە هۆی ڕاوەستانی گەشەی مۆزەخانەکان. بەکارنەهێنانی تەکنۆلۆجیا ئەکرێت ببێتە خاڵێکی لاوازی مۆزەخانەکان وە بەسود لێوەرگرتنی ئەکرێت هۆیەك بێت بۆ برەودان بەمۆزەخانەکان. تەکنۆلۆجیا بە مەترسی گەورە دائەنرێت ئەگەر مۆزەخانەکان نەتوانن سود لەلایەنە ئیجابیەکانی تەکنۆلۆجیا وەرگرن. بۆنمونە ئێستا لەزۆر لەمۆزەخانەکان بۆ شیکردنەوەی پارچەکانی ناومۆزەخانەکان ئامێری کۆمپوتەری بەکاردێت. ئەمەش وایکردوە سەردانکەران بێزار نەبن لە خوێندنەوەی دوورو درێژی شیکردنەوەی بابەتەکان. وەهەروەها بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا یارمەتیدەرێکی ئاسانە بۆ باشتر گەیاندنی پەیامەکانی مۆزەخانەکان. بەتایبەت بۆ فێرخوازان کاتێك کەسەردانی مۆزەخانەکان ئەکەن ئەتوانن لەڕێگەی ئامێرەکانی شیکردنەوەی کۆمیتەریەوە یاری بە وێنە سێ لاییەکانی کەلوپەلی ناومۆزەخانەکان بکەن. کریستۆفەر بارنەت پرۆفیسۆر لە زانکۆی نۆتینگهام باس لە ڕۆڵی بەکارهێنانی D٣سکان D٣ پرینتەر ئەکات لە مۆزەخانەکاندا، ئەڵێت ئەم دوانەیەی تەکنۆلۆجیا وا لەکەلوپەلی ناو مۆزەخانەکان ئەکات بەردەست بن لە سەر ئینتەرنێت.

“3D scanning and 3D printing mean that collections can be made available online, so allowing actual or potential visitors to print surrogate copies at home that will enable them to interact exhibition in a new way” (Crossly, 2014: 5).

واتە کەلوپەلی ناومۆزەخانەکان بەسکانەری سێلا سکان ئەکرێت لەسەر وێب سایتی مۆزەخانەکان دائەنرێت و سەردانکەرانی وێب سایتەکە ئەتوانن وێنە سێلاکان دابەزێنن و بە پرینتەری سێلا پرنت بکەن ببینن هەر وەك چۆن

لەناو مۆزەخانەکاندا ئەبینرێت. چەندین مۆزەخانە لە ئێستادا تەکنۆلۆجیایان خستوەتە خزمەت پێش خستنی گەلەریەکان بەتایبەت بۆ بواری فێرکردن، وەك وێنەی ژمارە (٩). لە ئێستادا لە خانویەکی کەلەپوری قەڵای هەولێر سود لە تەکنۆلۆجیا وەرگیراوە بۆ نمایشت و شیکردنەوەی بابەتەکان، سەردانکەرانی لەم جۆرە کارە بە پێویست ئەزانن لە ناو مۆزەخانەکانی کوردستاندا.



وینەی ژمارە (٩) بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لەناو مۆزەخانەدا. مۆزەخانەی نیوۆك (New Walk) لیستەر بریتانیا. وێنە توێژەر

**ئەنجام**

هەبوونی مۆزەخانەیەك لەسەنتەری شاری سلێمانی ئەتوانێت ڕۆڵێکی باش بگێڕێت لە پڕکردنەوەی بۆشایی جۆری مۆزەخانەی کەلەپوری لەم شارەدا. ئەم مۆزەخانەیە ئەگەر بەو فلتەرانەی لەم توێژینەوەیەدا باسکرا تێپەڕێت چاوەڕێی سەرکەوتنێکی باشی لێئەکرێت بەتایبەت لە بواری ناساندنی مێژووی شاری سلێمانیدا. بەرمەبنای چەندین خاڵی بەهێز سەرای سلێمانی وەك مۆزەخانە ئەتوانێت نمونەیەکی جیاواز لە ڕووی ئیداری و خۆبەڕێوەبردن و نمایشەوە ببێتە نمونەی مۆزەخانەیەکی سەرکەوتوو. سەرەڕای ئەو چەند خاڵە لاوازەی کە هەیەتی، لایەنە بەهێزەکان زیاترن لە لاوازیەکانی. چارەسەرکردنی لاوازیەکان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا کارێکی ئەستەم نیە، لەبەر دەست گەیشتن بە هەموو سەرچاوەیەکی بیناسازی لە جیهاندا.

ئەم جۆرە مۆزەخانەیە پێویستی بە شێوەیەکی ئیداریە لە شێوەی بۆرد، واتە گروپێك لە شێوەی ڕاوێژکاری پلان و بەرنامەکانی دارێژن، بۆردەکە پێویستی بە کەسانی شارەزای ئیدارەی مۆزەخانە، کەسانی شارەزای وورد لە مێژووی و کەلتوری شاری سلێمانی، کەرتی گەشتوگوزاری، لەهەمانکاتدا پەیوەندی بتەوهەبێت لەنێوان ئیدارەی ئەم مۆزەخانەیە و کەسانی کۆمەك بەخش بۆ هێنانی بودجەی زیاتر بۆ کردنەوەی گەلەری کاتی.

پاش دروست کردنی بۆردی ئیداری پێویستە دەست بکرێت بە کۆکردنەوەی پارچەو کەلوپەلی گونجاو بۆ مۆزەخانەکە و پاشان دیزاینی هۆلەکانی نیمایش و دیاری کردنی گرنگترین بابەتەکانی نمایشت (themes).

هەرچەندە چەند ساڵێکە بیناى سەرا کارى نۆژەنکردنەوەى تاڕادەیەکى زۆر تەواو بوە بەڵام تا ئێستا قۆناغەکانى پاش نۆژەمکردنەوەى دەستى پێنەکردوە، هۆکار زۆرن لەوانە نەبونى ئیدارە، گرفتى دارایى و یەکلانەبونەوەى ئەوەى کە بیناکە بکرێت بە چى؟ ئەمە هەمان ئەو گرفتەیە کە توێژەران ئاماژەیان پێداوە لە نەبونى بەرچاو ڕوونى بەرلەدروستکردنى هەرمۆزەخانەیەك هۆکارێکە بۆ بە فیڕۆدانى پارە و کات. ئەگەرێکیشە کە مۆزەخانەکە لە داهاتودا سەرکەوتوو نەبێ.

## سەرچاوەکان


•ادامز، فيليب واخرون، دليل تنضيم المتاحف. ترجمه د، محمد حسن عبدالرحمن، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ١٩٩٣.

•ئەحمەد، فازیل کریم (مامۆستا جەعفەر)، شارى سلێمانى ململانێى گروپە کۆمەڵایەتیەکان ١٨٢٠-١٩٢٠، سلیمانى، ٢٠١٤.

•ئەمین، نەوشیروان مستەفا، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین  مێژووى سیاسى کوردستان، کتێبى سێیەم – بەرگى یەکەم، چاپخانەى دار العربیە للعلوم- ناشرون، بیروت، ٢٠١٤.

•الوقائع العراقيه،  قانون الاثار والتراث، عدد ٣٩٥٧،  رقم ٥٥سنه ٢٠٠٢.

•بابان، جمال، سلێمانى شارە گەشاوەکەم، بەرگى یەکەم، بەغدا، وەزارەتى ڕۆشنبیرى و ڕاگەیاندن، دەزگاى ڕۆشنبیرى بڵاوکردنەوەى کوردى، ١٩٩٢.

•ریچ، کلۆدیۆس جەیمس، گەشتنامەى ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠. وەرگێرانى لە عەرەبیەوە بۆ کوردى لەلایەن محمد حەمە باقى. چاپى سێیەم. چاپخانەى ئاراس. هەولێر٢٠٠٢.

•حەفید، فاروق ، مۆزەخانەى ئەتنۆگرافى کورد لە باشورى کوردستاندا، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى، ٢٠٠٩.

•ساڵح، ڕەفیق، سەرجەمى بەرهەمى ئەمین زەکى بەگ،  تاریخى سلیمانى وە وڵاتى، بنکەى ژین، سلیمانى، ٢٠٠٦.

•ساڵح، ڕەفیق محمد، سەرجەمى بەرهەمى ئەمین زەکى بەگ، خولاصەیەکى تاریخى کورد و کورستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەرەى ئەمڕۆ، بەرگى چوارەم، هەولیر، وەزارەتى پەروەردە،٢٠٠٦.

•ساڵحى ڕەشە، ئەکرەمى مەحمود،  شارى سلێمانى، بەرگى یەکەم، وەزارەتى ڕۆشنبیرى و ڕاگەیاندن، دەزگاى ڕۆشنبیرى بڵاوکردنەوەى کوردى.

•سعید، بەهار حسن، تاسير المناخ على المناطق الاثريه فى اقليم كوردستان (العراق)، رساله ماجستير غير المنشوره متقدمه الى كليه الاداب جامعه الاسكندريه، ٢٠١٥.

•سیسیل، جۆن ئیدمۆنز،  کورد تورك عەرەب، وەرگێرانى حامید گەوهەرى،  چاپى سێیەم، ٢٠٠٨.

•شوانى، ئاکۆ عبدالکریم،  شارى سلێمانى ١٩١٨-١٩٣٢ لێکۆڵینەوەیکى مێژووى سیاسیە.سلێمانى،  زانست، ٢٠٠٢.

•غنيمه، عبدالفتاح مصطفى، المتاحف والمعارض والقصور وسائيل تعليميه، المنوفيه،١٩٩٠.

•قەفتان، کاوس، چەند لێکۆڵینەوەیەك لەمێژووى بابان-سۆران- بۆتان، چاپخانەى حوادث، بەغداد، ١٩٨٥.

•مارف، عمر ئیسماعیل، مەحمود پاشاى بابان ١٨٢٣- ١٨٤١، چاپى یەکەم، چاپخانەى یاد، ٢٠١٥.

•محمود، بەختیار سعید، لیواى سلێمانى ١٩٢١- ١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکى مێژووى لە بارودۆخى ئابورى، سەنتەرى لێکۆڵینەوەى ستراتیجى کوردستان،  سلێمانى، .٢٠١.

•نەقشەبەندى، حسامەدین عەلى غالب، ڕۆژى ٦ ئەیلولى ١٩٣٠ بەپێى بەڵگەنامەگەلى نهێنى بریتانیا و بەڵگەنامەى تر، گۆڤارى ژین، ژمارە ٦، بنکەى ژین، سلێمانى. ٢٠١٤.

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان


- Garry Thomson.The museum environment. 1986. 2nd edition.
- Gibson, Stuart. Assessment of the Museums in the Kurdish Region of Iraq (24 March- 15 April 2009). United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization.Unpublished report.P.38-39.
- Kotler, G. Neil. At el. . Museum Marketing and Strategy.JosseyBass.2006. 2nd edition.
- Orr, Susan R., "Historic House Museum Sustainability in the 21st Century: Paths to Preservation" (2011). *Seton Hall University.Dissertations and Theses (ETDs).*Paper 659.
- Simone, kneel. Care of Collections.London and New York.Routledge 2005.
- Timothy Ambrose and Paine Crispin.Museum Basics. 2013. London. 3rd Ed. Routledge.
- Watson, Shila. Museums and their Communities.London and New York.Routledge. 2007.
- Crossly, Lora.Museological Review.University of Leicester School of Museum Studies.Issue 18.ISSN 13-54 5825.2014.P. 5.
- Museum International.Historic House Museums.Vol LIII, n°2, (UNISCO Paris) april 2001.
- http://whc.unesco.org/en/list/252 .
- https://www.shakespeare.org.uk/visit/.